

# هاو هەنگاوی بلێز ساندرا

د.فەرهاد پیرباڵ

لێرە لە هەولێر (شاری ٣٧٥ مزگەوت و یەك كتێبخانە)
وەك گۆڕەپانی سووری مۆسكۆ، دڵم
بۆ سەر شۆستە جەژنەكانی پاریس دەسووتێ:
غەریبیی غارە غارە غایلاوییە غاراوەكان دەكەم
مەیدانەكانی پانتۆمیم
شەوە داگیرساوەكانی سەر گردی (مۆنماخت)
كە دەتگوت بەشی بەلەززەتی سەرەوەی مۆتەیەكی ئێرانییە
هەروەها ئەو شەمەندەفەرانەی
وەك ئەوەی چەند بازرگانێكی گەمژەو چەند پارەدارێكی گەلحۆ بگوازنەوە
بۆ عەمرە
تاسە و غەریبیی كردنە هەڵایساوەكانی منیان دەگەیاندە
ئەو دەڵەقۆرانەی
كە خۆشیشیان دەویستم ، بەڵام هەرگیز
هیچ رۆژێك بە دڵیاندا نەدەهات غەریبیم بكەن.

زۆر دڵخۆش
لە ناو جەنتای ئاوارەی بە شانمەوە هەمیشە رانە مریشکێك و سێوێك و
تەنیا کتێبێك
هەرگیز هیچ گۆرەوییەکیشم لەپێ نەبوو
ئەگەرچی زۆربەی جار قۆپچەیەکی کراسەکەشم لێ ببووەوە
بەڵام کاتێ لەسەر سندووقی فیشەگەکان بەرەو ڤینیز پاڵ دەکەوتم
گەلێك بەختەوەرتر لە ئێستای ناو هۆڵی موحازەرات و پەرلەمان و
کۆنفرانسەکان
هەرگیز هەستیشم بەوە نەدەکرد پەناهەندەم
عەینەن سەرکردەیەکی ڤیکینگ
برووکسڵ پرچی، وەك پرچی ئەسکیمۆیی سەردەمی ئەشکەوتەکان
هەمیشە لە ناو چەنگم
بەرلین وەك تیڤۆلییەکەی کۆپنهاگن هەردەم لە ژێر پێمدا
ئەمستردام وەك کچە قەرەجە هەنگارییەکان هەموودەم باوەشی بۆ
کردبوومەوە
عەینەن ئاو ئازاد
بۆ هەر کوێیەك بمویستایە دەرۆیشتم
هەموو ئینجێکی ئەوروپا ماڵی خۆم بوو
لێرە، لە شاری دیوارە زۆرە بڵندە هەر هەموو محەججەبەکان
لێرە، کە عەینەن زیندانێکی زۆر گەورەیە
وەك گۆرەپانی سووری مۆسکۆ، دڵم
بۆ سەر شۆستە جەژنەکانی پاریس دەسووتێ.
لێرە، کە مزگەوتەکانی، عەینەن فیلێکی تا هەتایە خەو لێکەوتوو،
لاقێکیان بۆ ئاسمان بەرز کردبێتەوە
کە ئاهەنگەکانی عەینەن پرسەی بە باق و بریقی سەرۆك جاشە مزوورییەکان
سپێدەکانیشی، وەك شۆستە بێ ئافرەتەکانی،
وەك شەوەزەنگە خۆڵاوییە دڵتەنگەکانی ابن المستوفی
وێرای ئێوارە رۆتین و دووبارە و بێ مەعناکانی هەمیشە جاجیك، هەمیشە
جاجیك: هەمیشە جاجیك
حەتمەن تووشی سەکتەیەکی قەلبیم دەکەن رۆژێك
لێرە
نا یەکسانی و گەمژەیی
وەك خامۆشی
وەك تانەو تەشەری منداڵبازەکانی سەردەمی منداڵیم پیس،
وەك مردنێکی لە ناکاو
زەندەقم دەبەن.

تاریکیو ڕۆتین، وەك بێدەنگی
وەك چاو سوورکردنەوەی ئینزیباتەکانی سەردەمی فێراریم ترسناك،
دڵم دەکرۆژن.
هیچی لێ سەوز نابێ ئەم زەوییە
هیچی تێدا ناڕوێ ئەم دەستانەم
هیچی پێ نابووژێتەوە ئەم وشانەم
هەمیشە بێ پەساپۆرت
بێ سەعات و بێ کارەبا
نائومێد لەوەی کە ئەم خۆڵەمێشە نووستووە بە فووی من گەش ببێتەوە
هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی
وەکو جاران بچم ببمەوە جەردە:
خۆم لە پشتەوەی لۆرییەکی بار هەڵگری شۆفێرە کوردەکانی تورکیا
بشارمەوەو
بەرەو ئەستەمبوڵ سەرهەڵبگرم
یان خۆم بە پشتی پیکابێکی بەرەو دیمەشقەوە بکەم و
لەوێشەوە دیسان بەرەو بەندەرە بێدارەکانی ئەورووپا......
من وڵاتم بۆ چییە تازە؟
من وڵاتم ناوێ:
ئەمەتا بۆ خۆم پڕم لە تاڤگە و پۆلیس و عەرەبانە و کچ و ژن و باخچە و
یادکردنەوەی هەڵەبجە و ئەنفال و کارەساتەکانی ئوتومبێل و زبڵخانە و
هۆڵی محازەرەکان و خۆپیشاندانەکان و بێ کارەبایی و شووتی و شەوانی
تاریك و شەهید و مووچەی ڕێزلێنان و تەققەی خۆشی و تەقینەوەکان و
تاقمی قەنەفەی دلاڵخانەکان و تۆز و خۆڵی شەقامە قیرتاو نەکراوەکان و
دەرۆزەکەرەکان و ئاڵای کوردستان و گەندەڵی و خۆسووتاندنی ژنان و پارچە
پەڕۆکە قۆڕە زەرد و سوور و سەوزەکان و ......دەیان بەدبەختیی دیکەی دەست
دەستە نەگبەتەکانی وڵات.

من وڵاتم بۆ چییە؟
نەك هەر هەولێر
هەر هەموو شیماڵی عیراق
تەنانەت سەرتاسەری ئەم حکومەتە قۆڕەی هەرێم
ئەگەر لە دوورەوە لێی بڕوانی
ئەگەر لە پشتی لۆرییەکی بار هەڵگرەوە بەرەو ئەستەمبوڵ تەماشای بکەی:
لە چاو ئەو هەموو ئازادی و سەرفرازییەی لە ناو دڵی مندا شەپۆل دەدا
تۆزقاڵێك خۆشی و ئازادی چییە تێیدا نەماوە.
با بەڕێکەوین......